# چۆن دەتوانیت بازدەیتە سەر سێبەرەکەت، کە چیتر سێبەرێکت نیە؟

(فەسڵێک لە کتێبی وەهمی کۆتایی)



**ژان بۆدریار**

و. وریا ئەحمەد

ئەم تامەزرۆییە وەسوەسە-ئامێزە بۆ نەمری، بۆ نەمرییەکی بنجیڕ کە تێیدا ئاسۆکانی کۆتایی سڕدرابنەوە، بەدەوری شێتێتییەکی سەیردا هەڵدەسوڕێت. وەکبڵێی خواستی مرۆڤ بۆ نەمری، بەکۆمەکی تەکنۆلۆژیا، بۆ جۆرە شێتییەکی نامۆ گۆڕدرابێت. لێرەدا دێوانەیی ئەو هەلومەرجە لەمەرگ داماڵدراوەیە، کە تێیدا شتێک بەدوا پلەی ئامانجی خۆی دەگات و تەواوی ئیمکانەکانی بوونی خۆی بەفیڕۆدەدات و کەچی، ناخوازێت کۆتایی پێ بێت و بەکۆمەکی تەکنۆلۆژیا بەبەردەوامی خۆی دووبارەدەکاتەوە. دەشێت ئەم شێتییە بەمجۆرە وەسف بکەین؛ دێوانەیی هاوشوناسبوون (identitary) بەویترێکی نەمر، لێ کام ئەویتر؟ دێوانەیی خۆکشان و پەرە بە خود-دان، خودپڕکردن و گەیشتنە پلەی کەماڵ و تێربوون. وەهمی کارەساتباری گەیشتن بە پلەی کەماڵ، ئەوپەڕی سنوری ئەم شێتییەیە. بەڵام خۆ پیری و مەرگ ئەم وەهمە دەژاکێنن. تەکنۆلۆژیا لێناگەڕێت پیری و مەرگ، ئەم وەهمە ترسناکە بژاکێنن. کەواتە لێرەدا ئەو شتانەی کە ئەم وەهمە پایەماڵ دەکەن، بەتایبەت پیری و مەرگ، بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەتەکێنرێن.

کەرەستەیەکی وەک سی دی (CD - Compact disc) کە هەرچەندە بەکاربهێنرێت، بەسەرناچێت! ئەمەش ترسێنەرە. وەکبڵێی هیچکات بەکارتنەهێناوە. وەک بڵێی تۆ بوونت نەبێت. تۆ دەبێت مردبیت گەر چیتر شتەکان لەپەیوەندیدا بەتۆوە، کۆن نەبن و بەسەر نەچن! وەکبڵێی لەدەرەوەی سوبێکتەوە، ئۆبێکتەکان بەشێوازی خۆسەر درێژە بەهەبوونی خۆیان بدەن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە لە شێتی، هیچ ڕێگایەک لەمە باشتر نیە کە بەتەوسەوە بەسەرهاتی ئەو کەسە بگێڕینەوە کە، لەکاتێکدا چەترێکی لەبندەست توند گرتووە، لەژێر باراندا پیاسەدەکات. کاتێک لێی دەپرسین بۆچی چەترەکەی بەکارناهێنێت؟ وەڵامدەداتەوە: "حەزناکەم وا هەستبکەم تا کۆتایی هەموو توانا و ئیمکانەکانم ڕۆیشتووم". ئەمە هەموو شت ڕووندەکاتەوە. ڕۆیشتن تا ئەوسەری هەموو ئیمکانات و ئەگەرەکان، هەڵەیەکی کوشندەیە! هەروەک گەیشتن بە نەمرییش هەڵەیەکی کوشندەیە. بەڵام کام جۆر لە نەمری؟

دیارە مەبەستمان نەمری بەمانا میتافیزیکییەکەی نییە. بێگومان نەمری لەشێوازی خود-سەرفکردن و تا ئەوپەڕی هەموو گریمانە بایۆلۆژییەکان ڕۆیشتن و نەمری لە فۆرمی خۆدەرخستن و خۆبەتاڵکردنی تەواوەتی و سەربارکردن و سەرلەنوێ دووبارەکردنەوەی خود، کوشندەیە. بەجۆرێکی پارادۆکسانە، تا ئەوسەر و تا کۆتایی ئیمکانات و تواناکان ڕۆیشتن، دژ و پێچەوانەوەیە لەگەڵ ئەوەی بزانیت چۆن کۆتاییت پێ دێت. گەیشتن بە

ئەوپەڕی سنوری تایبەتیی خۆت، واتە شوێنێک کە تێیدا چیتر کۆتاییت لەدەستدا نەمێنێت! ئەمە واتە سڕینەوەی مەرگ، مەرگ لەپێگەی ئاسۆیەکی ژیانبەخشدا چیتر سڕدراوەتەوە. (پانتایی مەجازی، شاشە و وێنە و زڕەوێنە و دونیای کۆمپیوتەریی کوانتۆمی کە زێدەواقیع بەرهەمدەهێنن، نەوەک هەر واقیعی ڕاستەقینە دەسڕنەوە و کارێک دەکەن کە ئێمە هەست بە غیابی واقیع نەکەین، بەڵکو مانا و دەلالەتەکانی مەرگیش دەسڕنەوە). ئەمە واتە لەدەستدانی سێبەر و سەرئەنجام لەدەستدانی ئیمکانی ئەوەی بەسەر سێبەری خۆتدا باز بدەیت(یان هەڵقونیتە سەر سێبەرەکەی خۆت)! ئەمە واتا بەتاڵبوونەوەی مرۆڤ لەسیحر و جادووە میتافیزیکییەکەی - چۆن دەتوانیت بەسەر سێبەرەکەت بازبدەیت ئەو دەمەی چیتر سێبەرێکت نیە؟ - بەواتایەکی تر، گەر دەتەوێت بژیت، نابێت تا کۆتایی هەموو ئەگەر و توانست و ئیمکانەکانت بڕۆیت! لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ئامانجێکی باڵا و خەونێکە کە لەمڕۆدا لەهەموو جێگەیەک بۆ ئێمە دەخرێتەڕوو. ئەویش لەڕێگەی ئەو تەکنیکانەی تەکنۆلۆژیاوە کە ئیمکانی ئەوە دەڕەخسێنن تاوەکو تەکنیکیانە لەبەرخۆمان بگرینەوە و پەرە بە خۆمان بدەین. ئەم تەکنیکانە، دەرفەت دەدەن مرۆڤ هەروەک بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری، خۆی و ئیمکانەکانی دابەزێنێت و لەبەریان بگرێتەوە. ئەم تەکنیکە تازانە دەرفەتی پیادەکردن و هێنانە ئەرزی واقیعی بێ بەند و بارانەی ئیمکانی مرۆیی هەروەک بەرنامەیەک، دەڕەخسێنن. دیزاینکردن و بەرنامەڕێژکردنی هەموو شێوازە جۆربەجۆرەکانی جینات، بایۆلۆژییای جەستە، ڕەفتار و ماهییەتی تاک، هەر بەواتای نەمانی سێبەرە میتافیزیکییەکەی مرۆڤ نایەت، بەڵکو بەمانای ئەوەش دێت مرۆڤ هەر وەک سۆفتوێرێک سەیردەکرێت کە، دەشێت تا ئەوپەڕی ئیمکانەکانی بەکاربهێنرنێت. تا ئەو پەڕی سیستەمی سۆفتوێر ڕۆیشتن، تا ئەو پەڕی سیستەمی سی دی ڕۆیشتن، بەم جۆرە تەنها ئەوەندەی دوگمەی ستۆپ لەبیربکەیت، ئیتر بە نەمری لە ئاستی کردەییدا گەیشتوویت! ئەم نەمرییە تەکنیکاڵە، وەک نەمریی میتافیزیکیی بەمانای گەیشتن بە پلەی کەماڵ نایەت، بەڵکو بەواتای سەرفکردن و بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەو ئیمکانانە دێت کە، مرۆڤ هەڵگریانە. ئەمە نەمرییە لەشێوەی ئاسۆییدا، نەمریی ئاسۆیی، بەخێرایی و بە هێواشی، تا ئەوپەڕ و تا کۆتایی ئیمکانات دەڕوات و سەرفیان دەکات. مادام ئاکتی پچڕێنەری شێوە ستونی مەرگ ڕوو نادات، هەر بۆیە ئەم نەمرییە چەندینجار بێ بنەماتر و بەتاڵترە لە شێوە ترانسێندێنتاڵ و میتافیزیکیەکانی نەمری، چونکە هەموو پنتێکی مادە کە بشێت بەکاربێت، دەخاتەگەڕ و بەکاریدێنێت!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بۆ نموونە، سرووشت بەوەی دوو لەسەر سێی جیناتی مرۆڤی نەخستۆتە نێو پرۆسەی سودلێبینینەوە و هەروا بەبێ سود هێشتوونیەتیەوە،

نمونەیەکی پێچەوانە دەخاتەڕوو. سرووشت دەشێت حورمەتی مرۆڤی ڕاگرتبێت بەم کارە. سرووشت دەشێت بەمەبەست بەشی زۆری جیناتەکانی لەدەرەوەی سنوری بەکارهێنان هێشتبێتەوە. لە خۆمان دەپرسین کە ئەم جیناتە بێسودانە بە کەڵکی چی دێن و بۆ دەبێت بەناچاری کردەی **کۆد**کردنەوەیان بۆ ئەنجامبدرێت؟ گەر ئەم جیناتانە تەنها لەسەر بنەمای زەرورەتی هەبوون، یاسای هەڵبژاردنی سرووشتیی وەک جۆرە پەراوێزێکی ئازاد لەوێدا چاندبنی چی دەبێ؟ گەر هەموو جیناتەکان بەکارهاتبان و سودێکیان هەبوایە، ئەوکات هیچ شتێک بەفیڕۆ نەدەدرا و هیچ شتێک بەبێ سود تیانەدەچوو، و سەرئەنجام ئێمە بەپێناسەیەکی پڕ و تەواو و کامڵ دەگەیشتین؟! گەر سرووشت وەک تەکنۆلۆژیای نوێ، هەموو جیناتەکان و سەراپای سیستەمی بایۆکیمیایی مرۆڤی بخستایەتە ناو پرۆژەی سەرفکردن و بەکارهێنانەوە، ئەودەم مرۆڤ هیچ ئەفسوونێکی نەدەما! ڕەنگە بۆ پێشگرتن لە ڕوودانی وەها کارەساتێک بێت کە، سرووشت ئەم زۆنی سێبەرەی بەدیهێناوە. هەر ئەم پرسەش بۆ زمان ڕاستە. پانتایی **دال**(signifier)، هەمان ئەو شتەیە کە زمان لەوە دەپارێزێت تا ئەوپەڕی توانا و ئیمکاناتی خۆی بڕوات و مرۆڤ لە بەیانکردن و خستنەڕووی هەموو شتێک دووردەخاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە هەمان ئەو شتەیە کە لەڕێگەی تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەری و تەکنەلۆژیای هۆشی دەستکرد و تەکنۆلۆژیاکانی ترەوە، کراوەتە ئامانج. ئەوەی پانتایی **دالەکان** و کۆدە زمانییەکان ڕێگریی لێدەکەن بتەقێتەوە، لەڕێگەی هۆشی دەستکردەوە جفرەکانی دەکرێتەوە و دەردەبڕدرێت! کۆمپیوتەری پێشکەوتوو و هۆشی دەستکرد هەڵدەستن بە ساز و تەیارکردنی هەموو خانە دەماری و نیرۆنەکانی مێشک، هەموو سیگناڵ و ئاماژەکانی ناو تەونی دەمارەخانەکانی مێشک شیکاردەکەن، هەست و سۆزەکان وەک ڕستێک ئالگۆریتمی بایۆکیمیایی و وەک زنجیرەیەک چالاکیی هۆرمۆنی لێکدەدەنەوە و هیچ بوارێک بۆ تەفسیری میتافیزیکی ناهێڵنەوە. هاوکاتیش ئەو مەودا و سنورانەی کە، لە پەراوێزدان، وەک پێدراوێکی مادی مامەڵەدەکەن و هەڵدەستن بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و دەریچانەی لەسێبەردا ماونەتەوە. زانستی کۆمپیوتەری و هۆشی دەستکرد، نەوەک هیچ دەرفەتێک بۆ تەفسیری میتافیزیکی ناهێڵنەوە، بەڵکو تابۆی **دال**ی زمانیش تێکدەشکێنن و وجودی مرۆڤ بۆ جۆرە ماتریاڵێکی شیاوی سەرفکردن دەگۆڕن. خودی زانستی فیزیا مەیلی بەلای کەمکردنەوەی مەودای ئەم بۆشاییە شێوە دەریچەییەدا هەیە و خەونی ئەوەی لەسەردایە لەڕێگەی گەیاندنی مادە بەئاستێکی دیاریکراوی چڕی و دەستکرد و زەبەلاح، مادە بباتە دۆخی ڕەقی و وشکییەکی سەختەوە و هەموو وزەکەی دەربێنێت. چیە؟ چی وا لەمرۆڤ دەکات شێتانە تا ئەوپەڕی وجودی بایۆکیمیایی خۆی بڕوات؟ چی وا لەمرۆڤ دەکات خۆی بۆ ماتریاڵێکی شیاوی سەرفرکردن بگۆڕێت جگە لە فەنتازیای مەرگ نەبێت؟

مەرگ مرۆڤ ناچاردەکات تا ئەوپەڕی خۆی بڕوات. فەنتازیای مەرگە کە جگە لە داڕزان و لەناوچوون، هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تر ناهێڵێتەوە، مرۆڤ ناچاردەکات ستراتیژی لەبەرخۆگرتنەوە و خۆسەرفکردنی تەکنیکیانە بگرێتەبەر. ئەمە ستراتیژی بێمایەکان و هەژارانە، ستراتیژی ئەو کەسانەیە کە هێندە توانایان کەم و ناچیزە، ناچارن هەمووی بەکاربهێنن و سودی لێ ببینن. ئەمە بریتیە لە سیاسەتی خۆڕەتاندنی زاتی، خۆڕەتاندنێک کە گەر بێتو ئەویتر یان کەسێکی جگە لە خۆمان، بەسەرماندا بیسەپاندایە، هیچکات مایەی قەبوڵکردن نەدەبوو. ئەمە جۆرێکە لە خۆپەروەردەکردنی کۆیلەئاسا بەبێ ئامادەیی ئەویتر، چونکە لەم دۆخەدا هەرکەس لەپێگەی ئەویتردا ڕۆڵی ستەمکار لەئاست خودی خۆیدا دەگێڕێت! هەرکەس لەئاست جەستە و هەست و سۆزی خۆیدا، بووە بە ئەویتری ستەمکار! ئەمە لوتکەی کۆیلایەتی و خۆبەکۆیلەکردنی ئارەزوومەندانەیە. چی شتێک ئێمە لەهەمبەر ئەم شێتێتییە بێ سنورە دەپارێزێت؟ چی شتێک ئێمە لەم خواست و ویستەی لابردن و هەڵگرتنی ئاسۆ دەپارێزێت؟ ئاسۆ وەک هێڵێک کە بەردەوام لەوێدا بوونی هەیە بۆ خۆقوتارکردن، وەک هێڵێکی پەڕینەوە و خۆقوتارکردن کە لەشێوازی گریمانەدا بوونی هەیە و دەبێت هەر بەگریمانەییش بمێنێتەوە. کۆتایی و مەرگ ئاسۆیەکی گریمانەیەن و دەبێت لەوێدا هەبن، نەمری بەمانا میتافیزیکییەکەی ئاسۆیەکی گریمانەییە و نابێت بسڕێتەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە ڕێک لەدۆخی پەڕینەوە و بەجێهێشتنی ئەم هێڵەداین و ڕووبەرەو ئاسۆی ڕووداوەکان ملدەنێین، بەرەو ئەو ئاسۆی ئەو ڕووداوانەی کە لەودیوییەوە ئیتر هیچ ڕوونادات، هیچ شتێک مانای نیە و تەنانەت ئیتر ڕووناکییش لەو ئاسۆیەدا قوتاری نابێت؟!

مەودای فیکریش وەک سیستەمی زەوییەکی بەیاری نەکێڵراو کاردەکات. ئەم مەودایە، مەودای فیکری، ترسێکی مەرگباری لە ئاست پەرەسەندن و گەشەی هەموو وزە و هێزەکانی خۆیدا هەیە. فیکر بەدیاریکراوی هەمان ئەو شتەیە کە کۆسپ دەخاتە ڕێی ئایدیاکان، ئەو ئایدیانەی کە خۆبەخۆ مەیلی ئەوەیان تێدایە بەبێ هیچ کۆسپ و سانسۆرێک گەشەبسێنن و هەموو جێگایەک داگیربکەن. ئایدیاکان وەکو قەوزەکان تەشەنەدەکەن و دابەشدەبن و لەبەرئەنجامی بوونبەژێرەوەی خەرمانی گەشەسەندووی گیایی خۆیانەوە، دەخنکێن و دەمرن. ئاسۆی ئایدیاکان بوونی هەیە، هەر بەو جۆرەی کە ئاسۆی ڕووداوەکان بوونی هەیە، ئاسۆی هاتنەسەرزەمینی واقیعیانە و پراکتیزەبوونی مەرگبارییان، ئاسۆی پراکتیزەبوونی بێ بەند و باریان، تەکنیک تەنها واقیع لە زێدەواقیع(hyper reality)دا بزر ناکات، تەکنیک تەنها ڕووداو لە زڕەوێنە(simulacra)دا بزرناکات، تەکنیک تەنها ئاسۆی ڕووداوەکان ناسڕێتەوە، بەڵکو ئایدیاکانیش بەرهەڵدا دەکات. دواجار فیکریش لە ئاستی خۆیدا بەرەو بۆشایی خۆی قوتاردەکات. مێژووش تا

ئەوپەڕی و تاوەکو بنی هەمبانەی ئیمکانەکانی ڕۆیشتووە. بۆیە مێژوو لەم دۆخەدا دەتوانێت تەنها بۆ دواوە بگەڕێتەوە یان خۆی دووبارەبکاتەوە. مێژوو نەیتوانیوە لەخۆقوتارکردن بەرەو بۆشایی سەرکەوتوو بێت. بۆیە ناکۆتایە و هیچ کۆتاییەک بۆ ئەو بوونی نیە و تەنها بواری بۆ نەمرییەکی نەرێنییانە کردۆتەوە. هەمان پرس، بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕاستە. نیەتی ئەوەمان هەبوو هەموو پرس و ئاکتە کۆمەڵایەتییەکان لەسیاقی خۆیان دەربهێنین و بەیانیان بکەین و بەزۆر بیانگرین و وامان مەبەست بوو بەداماڵینی هەر جۆرە ڕەهەندێکی میتافۆرییانە لێیان، لەسەر زەمینی واقیعدا پراکتیزەیان بکەین. ئەمە بریتی بوو لەمەرگی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش بەکوڵاندنی هەست و سۆزەکان، بەڕەقکردنی ئەم پرسانە لە میانەی واقیعەوە و بەخنکاندنی ئایدیای ئەم پرسانە لەناو واقیعدا. گەیشتن بە دۆخی **پرسی واقیعی**، بە نەمریی واقیعییانە، بە واقعییەتی پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە هەڵەیەکی کوشندە بووە. کۆتایی میتافۆر، پێدانی ڕەهەندی واقعییانە بەهەموو پرسە میتافۆرییەکان، ئاماژەیە بۆ ئاوابوونی ئایدیا. هاوکات خۆپاراستن و بەرگریکردن لەئاست مەرگدا بەشێوازی کردەیی، کارەسات و مەرگبارە. خەون، وەهم و یۆتۆپیا لەڕێگەی پێدانی ڕەهەندی واقعییانە پێیان، ئەویش بەڕەهایی، و مراندنی هەر ئایدیایەک لەڕێگەی زەمینەسازی بۆ پراکتیزەکردنی ماتریاڵیانەی ئەو ئایدیایە، **نمونەی سەرنجڕاکێشی بۆمبی ئەتۆمی دێنێتە پێشەوە**.

نمونەیەک کە تێیدا لەگەڵ هیرۆشیما و تەقاندنەوەی بۆمبی ئەتۆمییەوە مرۆڤەکان ئایدیایەکی خۆیان بۆ واقیعێکی ڕەق گۆڕی. مرۆڤەکان لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی وزەی خۆر و ماتریالیزەکردنی ئەو وزەیە لەسەر ڕووی زەوی، کۆتاییان بە خۆر هێنا. مرۆڤەکان بەوەی توانییان لاسایی بڕ و ئاستی بەرزی هێز و توند و تیژی وزەی ڕووناکیی خۆر بکەنەوە و لە فۆرمێکی زیادەڕەوانەدا لەسەر ڕووی زەوی ماتریاڵیزەی بکەن، کۆتاییان بە ئەفسانەی خۆر و وەهمی خۆر هێنا. لەڕاستیدا، پرسی واقیع کۆتا ئیمکانە بەدەست میتافۆر و کۆدە زمانییەکانەوە مابێت، بەڵام میتافۆر نابێت ئەم ئیمکانەی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت - و سەرفی بکات. ئاخر ئەگەر وای کرد، چیتر واقیع ئاوادەبێت. دەبێت هەروەک ئەو بەسەرهاتەی کە گێڕامانەوە، چەترەکە لەژێر باخەڵی دەرنەهێنێت - ئەمەش میتافۆرە بۆ کۆتا چانس، و بەهیچ بەهانەیەک چەترەکەی نەکردەوە. "هەر جۆرە مەستی و خەلسەیەک، لەکۆتاییدا ئەوە دەخوازێت کە ڕێگای چاوپۆشی و چاوداخستن بگیرێتەپێش، نەک ئەوەی لەڕێگەی پێدانی ڕەهەندی واقعی بەخۆی و پراکتیزەکردنی خۆی، سنوری تایبەتی مەفهومی خۆی ببەزێنێت" (ئەدۆرنۆ). یەکێک لەڕەهەندەکانی ئەم وڕێنە و هەوەسە بۆ کامڵبوون، پەڕینەوەیە بۆ ناو فەزای گشتی، کە ئەمە بەپێشکەوتن لە قەڵەم دەدەین، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هاوتای کشان و فراوانیی نەمرییە لە نێو زەمەن و کاتدا.

ئەم فراوانی و کشانە یەکسانە بە پرۆسەی کاڵکردنەوە و کەمڕەنگکردن و شلی و کەمکردنەوەی بەهاکان لەنێو فەزای گشتیدا. هەمان پرس و بابەت لە بواری ڕووداوەکانیشدا هەر ڕاستە. ئەو دەمەی ڕووداوەکان بەوپەڕی لاوازی و لە فۆرمی (هەواڵی بەسەرچوودا) و بەخێرایی لەئاستی جیهانیدا بڵاودەبنەوە، چیتر وەک ڕووداو مانای خۆیان لەدەستدەدەن. گشتاندن و فڕێدانی واقیعەکان و ڕووداوەکان و داتا و زانیارییەکان بۆ ناو پانتایی فەزای گشتی، پێش مەرجی بزربوون و ونکردنیانە لە هەمان کاتدا. هەر ڕووداو و واقیعییێک کاتێک لە میانی فەزای گشتی و پانتایی مەجازدا، وردوخاشدەکرێن و بۆ ڕستێک وێنە دەگۆڕدرێن، ئیتر خۆبەخۆ ئاوادەبن. هەر ئایدیا و هەر کەلتوورێک لەپێش بزربوونی، گشتاندنی بۆ دەکرێت و لەئاستی فەزای گشتیدا بڵاودەبێتەوە. وەک لە دۆخی ئەستێرەکاندا دەیبینین، ئەوپەڕی کشانیان هاوکاتە لەگەڵ تەقینەوە و ئاوابوونیاندا، هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانیان بۆ زەبەلاحێکی سوری گڕگرتوو، پاشان تەقینەوە و هەپروونهەپروونبوون و ڕەشبوونەوە. ڕێگاچارە چڕکراوەکان لەمیانەی کاڵکردنەوە و کەمڕەنگکردنیان و پەرتکردنیان بۆ ناو فەزای گشتییەوە، بزر دەکرێن. بزرکردن و هەڵوەشانەوەی فۆرم و وێنەکان لەمیانەی ئەو پێناسە باڵا و گشتییانەی کە بۆیان دەکرێت. جیهان وەک واقیعێک، کاتێک ئاوادەبێت، کە دەستی میتافۆری زمانی پێبگات و شی و شیتاڵی بکاتەوە.

ئەم جۆرە بەکۆتاگەیشتنەی کەلتورەکان، لەناوەوە هەستی پێناکرێت. کەلتورێک خۆی لەخۆیدا لەناوەوە نەمر و ئەبەدییە و وا دەرناکەوێت کە لەکۆتایی خۆی نزیک بووبێتەوە، مەگەر بەگوێرەیی بینینی (ئەسیمپۆتیک)ییانە بۆی بڕوانین. لەڕاستیدا ئەم کەلتوورە هەر زوو سڕدراوەتەوە و بزربووە. تێپەڕینی بەهایەک بۆ نێو فەزای گشت، هەواڵی شەفافبوونی ئەو بەهایە دەخاتەڕوو، شەفافبوونیش خۆی لەخۆیدا واتە بزربوون و نەمان. کەواتە بەئامانجگرتنی فەزا و بواری گشتی، کارێکی بێهودەیە. بەئامانجکردنی لوتکەکان بێهودەیە، مادام چیتر لوتکەیەک بوونی نەماوە. پرۆسەی داخوران و داماڵران ئیشی خۆیان کردووە. گەر چیتر بوار بۆ فەلسەفەی ترانسێندێنتاڵی و میتافیزیکی نەماوە، چونکە خودی فیکر بۆ دیوەکەی تری ئاوێنە نەفیکراوە و دوورخراوەتەوە. کەواتە چیتر ئیمکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات بوونی نیە، چونکە ئاکتی سیاسیش بۆ دیوەکەی تری ئاکتی نواندن نەفیکراوە. نە لەپانتایی سیاسەت و نەلەهیچ پانتایی و فەزایەکی دیکەدا چیتر هیچ جۆرە لوتکەیەک بۆ پێداهەڵزنان، لەئارادا نیە. گەشتە دەریاییەکان بە بەلەمی تاکەکەسی کە مورادیفێک و هاوواتایەکی مۆدێرنانەی ئێمەیە بۆ (هەڵزنان بەلوتکە)ی ئاناپۆرنا، خەیاڵپڵاویی پاش مەرگە. ئەم بزبوون و لەئارانەمانەی ئیمکانەکان، هەر هەمان پرۆسەی نەمان و بزربوونی ئیمکانی بازدانە بەسەر سێبەردا کاتێک چیتر سێبەرێک بۆ تۆ نەماوە.

ئەم بازدانە میتافیزیکییە لەتوانای ئێمە بەدەرە. (پیتر شمێڵ) سێبەری خۆی بە شەیتان فرۆشتبوو، بەڵام ئێمە زۆر بەسانایی تەواوی سێبەرەکەمان لەدەستداوە. هۆکاری ئەم لەدەستدانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە بەتەواوی شەفاف بووین، یان ڕەنگە هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە چیتر تەنانەت سەرچاوەی تیشک و ڕووناکی و یەکەی وزەی ڕووناکیبەخش لەئارادا نین کە، سێبەرێک بەئێمە ببەخشن. تاکە سێبەری ئێمە بریتییە لەو سێبەرەی کە تیشکدانەوەی ئەتۆمی لەسەر دیواری ڕووبەڕوومان دروستیکردووە. تاکە سێبەری ئێمە، ئەو زڕە وێنانەی سەرپانتایی مەجازن. ئەم وێنە لەسێبەرچووە لەقاڵبدراوانە، بەرئەنجامی تەقینەوە ئەتۆمییەکەی هیرۆشیمان. سێبەری ئەتۆمی تاقانە سێبەرێکە بۆ ئێمە ماوەتەوە. سێبەرەکانی تر بزربوون! نە سێبەری خۆر، تەنانەت نە سێبەرەکانی ئەشکەوتەکەی ئەفلاتون، بوونیان نەماوە، ئەوەی هەیە بریتیە لە سێبەری جەستەیەک کە خۆی ونە و بەرئەنجامی تیشکدانەوەی ئەتۆمییە، وێنەی وێرانبوونی سوبێکت و بزربوونی سەرچاوە، شێوەیەکی تری ئەم وڕێنەی هاوشوناسیی تاکگەرایانەی ئەم چاخەی ئێمەیە. تاکگەرایی لەمڕۆدا، لەهەموو فۆرمە جیاوازەکانیدا، هیچ پەیوەندییەکی بە تاکگەرایی دونیای مۆدێرنەوە نەماوە. ئەو تاکگەراییە نوێیەی کە خوازیاری گەیشتنە بە پلەی کەماڵ و خوازیاری پەرەپێدانە بە بەری کاری خۆی، ئەو تاکگەراییە وەرزشییەی (ئالان هێرنبێرگ)، ئەو تاکگەراییەی کە عەوداڵی چێژ و چێژگەرایی نوێی تێکەڵ و پێکەڵ و قەبیلەییانەیە، هیچ پەیوەندییەکیان بە پاڵەوانی تاکگەرایی بۆرژوازییەوە نیە. پاڵەوانی تاکگەرایی بۆرژوازی، پاڵەوانی سوبێکتیڤیستە، پاڵەوانی خۆ داماڵەرە لە کۆن، پاڵەوانی ئیرادەی ئازادە، یان پاڵەوانی ڕادیکاڵیستی (شتێرنەر)ە. بەداخەوە ئەم مۆدێلە لە پاڵەوان، مردووە و کۆتایی پێ هاتووە. تەنانەت فەردانییەتی - خۆسەری - خودڕابەری ڕێسمانیش لەئاسۆی فەزای کۆمەڵایەتی و ئاسۆی زانستە مرۆییەکان نەماوە و سڕدراوەتەوە. بەپێچەوانەوە، تاکی نوێ، نایابترینی نموونەی بەرهەمی ئەویتر-ڕابەرییە. تاکی ئەمڕۆیی، سێبەری سوبێکتی ئازاد و ئیرادەی ئازادی لەدەستداوە و لەبری خود-ڕابەریی، بۆ تاکێک گۆڕدراوە کە ئەویترێکی ون لێیدەخوڕێت. ئەم تاکە: خاوەنی نەختێک هەڵسوکەوت و پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، لە دۆخی پایەماڵکردن و پەراوێزخرانی بەردەوامدایە و پەیوەستە بەتۆڕ و شاشەی نمایشکەری سەکۆی پاڵەوانییەوە. هەرکەسە و لە شوێنی خۆیدا پۆتانشێڵی ئەوەی تێدایە تاکو خۆی لەسەربنەمای ئیمتیاز یان کەموکورتیی خۆی، بۆ وردە پۆینتێکی سەربەخۆ بگۆڕێت. بۆچی نا؟ ئەمڕۆ ڕۆژگاری داهێنانی هەرجارەو وردە پۆینت و وردە گەردیلەی نوێیە. بۆچی نابێت پۆینت و گەردیلە لەهەژمار نەهاتووەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمە عەوداڵی ناسنامەی خۆی و جەزابییەتی کەسیی خۆیان بن؟ ئاشکرایە شتێکی لەم شێوەیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی

کۆمەڵە و گروپی پڕ لەهەڵەشە و بزاوتی براونییانە. (ڕۆبێرت براون، گیاناس و بایۆلۆژیستێکی بریتانیایی بوو، کە بزوتن و جوڵەی هەڵەشە و ناڕێکوپێکیی گەردەکانی کەشفکرد لە شلەمەنییەکاندا). لەم شێوە کۆمەڵە و بزوتنەوانەدا چیتر ئازادی پرسێکی فەلسەفی نیە، بەڵکو تەنها بریتییە لەئەنجامی ئاماری بەریەککەوتنی تاکەکان. ئەم جۆرە تاکەکەسە، چیتر تاکێک نیە لەنێو هەمووآندا. ئەو داماڵدراو لە سوبێکتیک و سەرشار لە خۆنامۆ بوونە. داماڵراوە لە پرسی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی پاڵەوانانەی خۆی. ئەو تەنیا پرسی خاوەنداریکردنی تەکنیکییانەی "من"ی لەسەردایە. ئەو پەیڕەویکاری جۆرە ئاینێکی نوێیە، ئاینی قوربانیدان و خود بەقوربانی کردن، لەپێناو کارایی بوون و بەدەردخواردندا (خۆ ڕەتاندن و خۆ نمایشکردن بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت لەم چاخی خێراییەدا بەدەردی شتێک دەخوات).

ئاینی نوێی داتایزم(داتاگەری)، ئەم تاکە داڕزاوە تا ئەوپەڕی خود-ڕەتاندن دەبات. ئاینی داتایزم، ئاینی کارلێکێشانەوە و سترێس و کاتبەندییە، ئاینێک کە بەراورد بە ئاینی پەرستنی بەرهەم، ئێجگار دڕندانەتر و بەربەریانەترە. ئەم فۆرمە ئاینە نوێیە نەفس کوشتنێکی تەواوەتی و خۆ لەبیرکردنێکی پڕاوپڕە بۆ خوداکانی داتا و زانیاری و هاوکات ئەم ئاینە خۆڕەتاندن و ڕووتاندنەوەی خودە بەدەستی خودەوە و ئەو پەڕی لەخۆ نامۆبوون بۆ تاک دەخوازێت. هیچ مەزهەب و ئاینێک هەرگیز بەم ئەندازەیە ئاوا مرۆڤێکی بەم چەشنە ناچارنەکردووە خۆی و هەستەکانی و تەواوی ئیمکانەکانی سەرفبکات. هەروەها دەتوانرێت بوترێت تاکگەرایی فەندەمێنتاڵانە (Fundamental individualism) هەر هەمان فۆرمی فەندەمێنتاڵبوونی ئاینییە. ئەم مەزهەبە مۆدێرنە کە چاولەخود-پۆشین و لەبیرکردنی خود و خودڕەتاندن پێشنیاز دەکات، خراپترینی جۆرەکانی مەزهەبە. چونکە هەموو وزەی بێدینی و تەواوی ئەو وزەیەش کە بەهۆی سڕینەوەی مەزهەب و ئاینە دێرینەکانەوە ئازاد بوون، هەڵدەلوشێت. ئەمە گەورەترین فۆرمی مەزهەبی نادینییە لەمێژوودا. لە ئاست ئەم هۆلۆکۆستە خۆویستانەیەی ئەم چاخەدا و بەبەراورد بەم بەرینییەی بڕ و ڕادەی قوربانیدان و خۆ بەقوربانیکردنەدا، پرسی "گەڕانەوەی ئاین" کە وای پیشان دەدەین گوایە ئەم گەڕانەوە و دەرکەوتنەوەیە تۆقاندووینی و ئەم دەرکەوتنەوەیە ناوبەناوەی دەمارگیریی مەزهەبی یان فەندەمێنتاڵی باو، شیاوی چاوپۆشیکردنە. (بەواتایەکی تر فەندەمێنتاڵی دینی لەچاو ئەم خودجینۆسایدەی نێو ئاینی نوێی مۆدێرنە هەر هیچ نیە). ئەم دەرکەوتنەوە و هاتنەوە بوونانەی دین، تەنها بنەڕەتخوازیی فەندەمێنتاڵێتی ئەم کۆمەڵگا گەلەرییە و بنەڕەتخوازیی تیرۆریستییانەی ئەم فۆرمە لە ئاینی نوێی قوربانیکردن، پەنهاندەکات و دادەپۆشێت. کاتێک ئاینی کۆن لە فۆرمی تیرۆردا دەردەکەوێتەوە، ئیتر لەسایەی هەڵاو دەنگەدەنگی ئەم دەرکەوتنەوەیەدا کەس سەرنجی

بۆ ئەوە ناچێت کە، چۆن مەزهەبی داتایزم لەژێرەوە وەختە وەک ئاینێکی نوێ سەراپای کۆمەڵگا دەتەنێتەوە. گەڕاندنەوەی ڕووکەشانەی فەندەمێنتاڵیی ئاینیی، ئەو ڕاستییە پەنهان دەکات و دایدەپۆشێت کە ئەوە هەموو کۆمەڵگایە کەوتۆتە دۆخی بارگۆڕانی ڕیشەیی و تێیدا بەنهێنی ئاینێکی نوێ لەدۆخی تەشەنەسەندنێکی شێرپەنجەئاسادایە. کاریگەریی ئاین، زیاد لەڕادەی پێویست لەڕەهەندە ئاینیەکەیەوە بەجدی وەردەگیرێت، واتە هێندە وەک کاریگەرییەکی ئاینی پوخت سەیری دەکرێت، هێندە وەک ڕووپۆش و پەنهانکەری پرۆسە حەقیقەکەی (ناوەوەی کۆمەڵگا) سەیرناکرێت و بەجدی وەرناگیردرێت. دەرکەوتنەوەی ئاین لەفۆرمە پەڕگیرییەکەیدا، وەک دەرکەوتنی لوویەکی شێرپەنجەیی یان وەک جۆرە دومەڵێک کە، کێم و زووخاوی حەزی پەڕگیرانەی تێدا قەتیس بووە، وایە و ئەم دەرکەوتنە دومەڵئاسایە لەتەک ئەو هەموو سەرنجەی کە دەیدرێتێ، زەمینەی ئەوە دەڕەخسێنێت کە ئەم بەڵایە بە تێچوونێکی کەم لەناوببرێت و خۆ لە بەرپرسیارێتی پێویستیی ئەنجامدانی لێکدانەوە و خستنەڕووی شیکاری بۆ هەموو کۆمەڵگا بدزرێتەوە. بەو هەواڵە هەڵاسازە ساختانەی کە لەبارەی تیرۆرەوە سەرپێی دەخەین، خۆمان لە لێکدانەوە و هەڵەسانگاندنی کۆمەڵگای دیموکراسی، کۆمەڵگایەک کە بەشێوازی کردەیی ڕووی بۆ فەندەمێنتاڵێتی و پرسی سیکۆرێتی و ڕژێمی پاراستنی ئاسایش و هاوکات ڕووی بۆ پاگەندەی پروپوچ و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین، هێناوە، دەدزینەوە.

ئەم تاکگەراییە پۆستمۆدێرنە، بەرئەنجامی پرسی ئازادی و ئازادکردن نییە، بەڵکو بەرئەنجامی پرسی لیبرالیزەکردنی ئەو تۆڕ و خولگە و مەودا و بازنەی پەیوەندییانەیە کە، کۆیلە تێیاندا دەژیت. واتە جۆرە پەرتکردن و پەرش و بڵاوکردنەوەیەکی تاکگەرایانەی کۆمەڵە بەرنامەڕێژکراوەکان، جۆرە دەستکاریکردن و گۆڕینێکی پێکهاتە قەبەکانە بۆ گەرد و وردە پێکهاتەی بێشومار کە هەریەکە و تۆڕ و مەدار و بازنەی تایبەت بە خۆی پێیە. هەریەکەو وردە تۆڕی پەیوەندی و وردە مەدار و خولگەی پەیوەندیی خۆی پێکدەهێنێت و هەرکەس بۆ خۆی و لەنێو وردە جیهانی خۆیدا، عەوداڵی کامڵ بوون دەبێت و کامڵگەرایی کە لێرە بەدواوە چیتر بێسودە، هەموو کۆمەڵەی پەیوەندییەکە زیندوودەکاتەوە. واتە گەیشتن بە پلەی کامڵبوونی ساختە لەڕێگەی سەرفکردنی تەواوی ئیمکانەکانەوە، داینەمۆی ئەم تۆڕانەیە. هەرچۆنێک بێت، لەنێو هەموو کۆمەڵەکاندا (ڕەگەز، کەلتوور، ئابوری، میدیا و سیاسەت) چەمکەکانی ئازادی و ئازادکردن بەگشتی دژبەر و دژبەیەکن، چونکە ئازادکردنی بێقەیدومەرج دڵنیاترین ڕێگایە بۆ بزرکردنی خودی ئازادی. ئازادی، پرۆسەیەکە لە فەزایەکی سنوردار و باڵادا کارادەبێت، لە پانتایی ڕەمزیی سوبێکتدا کە سوبێکت تێیدا دەرگیری چارەنووسی تایبەتی خۆی دەبێت، بەدیدێت. لەکاتێکدا پرۆسەی (ئازاکردن-بەرهەڵداکردن) لە فەزای گریمانەیی بێسنوردا کارادەبێت. پرۆسەی بەرەڵاکردن

تاڕادەیەک پرۆسەیەکی فیزیکییە. نمونەی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە ئازاکردن و پەرتکردنی وزە، ئەم پرۆسەیە هەر جۆرە ئاکت و هێز و تاکێک تا ئەوسەری سنوری توانایی و ئیمکانیاتی دەبات و تەنانەت لەوەش سەرتر و دەیباتە سەروی سنوری تواناییەکانیەوە، شوێنێک کە تێیدا چیتر تاک کۆنترۆڵ و بەرپرسیارێتیی بەسەر ئاکت و کردەکانی خۆیەوە لەدەستدەدات. بەواتایەکی تر، ئەگەر پرۆسەی ئازادی، پرۆسەیەکی پڕ لەبەرپرسیارییەتی و سنورداربێت، ئەوا پرۆسەی بەرهەڵداکردن پرۆسەیەکی شێوە فیزیکییە و تێیدا کۆی وزەی چڕکراوەی تاک و گروپەکان بەرەڵادەکرێت. لەم ڕووەوە پرسی ئازادی خۆی لەخۆیدا پرسێکی قەیراناوییە، لەکاتێکدا پرۆسەی بەرهەڵداکردنی گریمانکراو، فۆرمێکی کارەساتباری هەیە. پرۆسەی یەکەم (ئازادی)، سوبێکت دەرگیری پرسی نامۆبوون لەخود و چاوپۆشیکردن لەخود دەکات. لەمیانی پرسی ئازادییدا، سوبێکت دووچاری لەخۆنامۆبوون دەبێت و لەگەڵ ماهییەتی خودی خۆی و نامۆبوون لەخۆدا دەستوپەنجە نەرمدەکات. بەڵام لەپرۆسەی دووەمدا، واتە لەپرۆسەی(بەرهەڵداکردن) و ڕەهاکردنی تاکدا، بارگۆڕانی ڕیشەیی (سوبێکت) و تەشەسەندنی شێرپەنجەئاسا و دەرکەوتنی پەچەکرداری زنجیرەیی و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی لێدەکەوێتەوە و لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی دەستبەردانی تەواوەتیی سوبێکت لە خودی خۆی. پرۆسەی (بەرهەڵداکردن) هێنانەدیی واقیعیانەی مانای میتافۆرییانەی ئازادییە. واتە بەرهەڵداکردن و بەرەڵاکردنی وزە پەنگخواردووەکانی تاک، خۆی لەخۆیدا تەرجەمەکردنی مانا میتافۆرییەکەی ئازادییە بۆ ئاکتێکی واقیعیی پەتی. کەواتە هاوکات بریتییشە لە کۆتایی و بزربوونی ئازادی. بۆیە ئازادی و بەرهەڵداکردن دوو پرۆسەی جودان و دوو ڕێیانی نێوانیان هەرگیز ناچێتەوە سەر یەک. بەڵام سیستەمی هاوچەرخ ڕێگاچارەی کۆتایی بۆ هەردوو ئەو پرۆسەیە، لەدوو توێی پرۆسەی لیبرالیزەکردندا، دۆزیوەتەوە. لێرەدا چیتر سوبێکتی ئازاد بوونی نیە، ئەوەی هەیە بریتییە لە تاکی لیبراڵ. چیتر پرۆسەی (بەرهەڵداکردن - ئازادکردن) بوونی نییە، ئەوەی هەیە بریتیە لە پرۆسەی لیبرالیزەکردنی کۆپەیوەندییەکان. لە ئازادییەوە بۆ (بەرهەڵداکردن - وێڵکردن) و لە بەرهەڵداکردنەوە بەرەو لیبرالیزەکردن. بەڵام ئەم پرۆسەیە بەوپەڕی هێواشی و بە کەمترین گڕوتینەوە جێبەجێدەکرێت، تا ئەو جێگایەی کە چیتر ناتوانرێت پرسی ئازادی بخرێتەڕوو. لەم پرۆسەیەدا چەمکی لەخۆنامۆبوون بزردەبێت. ئەم تاکە نوێیە کە بەشێوازی دەستکرد و تەکنیکیانە خەڵقکراوە و لەبەریگیراوەتەوە، تووشی بارگۆڕانی ڕیشەیی هاتووە و شێرپەنجەئاسا پەرەی سەندووە و خاوەنی پەیوەندیی کەسی و کردەییە و چیتر دەرحەق بەخۆی نامۆ و بێگانە نیە. ئەو لەگەڵ خۆیدا بووە بەیەک و چیتر لەگەڵ خودی خۆیدا جیاواز نیە و کەواتە لەهەمبەر خۆیدا کەمتەرخەم و گوێ پێنەدەرە. بۆ تاکی لیبراڵیزەکراو، چیتر پرسی خود و

لەخۆنامۆبوون، جێگای مشتومڕ نییە. ئەم کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانە لەهەمبەر خود، لەنێو پرسی گشتگیرتری کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانی دەزگاکان و کاروباری سیاسی و کاروبارەکانی تر لە ئاستی خۆیان، خەملێوە.

-**بێباکیی و گوێپێنەدان بە کات** (نامۆبوون و هەستەنەکردن بە زەمەن): نەمانی دووری و مەودا لەنێوان خاڵەکاندا لەنێو کات و زەمەندا، تێکەڵی و هاوڕەوتیی خاڵەکان پێکەوە لەنێو کاتدا و ئێستایی بوون و هەنووکەیی بوون و زوو گوزەری و خێرایی کاتی واقیعی؛ تاقەت پڕوکێن.

- **بێباکیی و گوێپێنەدان بەشوێن** (نامۆبوون و هەستەنەکردن بەشوێن): نزیکیی و ئالودە بوون بە تەلەفزیۆن و کۆنترۆڵکردنی تەکنیکیانەی هەموو خاڵ و دوورییەکانی شوێن لەدوورەوە، کە دەبێتەهۆی ئەوەی تۆ لەهیچ شوێنێکدا نەبیت و (هەست بە شوێن نەکەیت).

- **بێباکیی و گوێپێنەدانی سیاسی** (نامۆبوون بە سیاسەت): تێکەڵکردن و پەرەدان و لەبەرگرتنەوەی هەموو ڕاوبۆچونەکان لە دوو توێی یەک یەکەی زنجیرەیی میدیاییدا.

- **کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانی ڕەگەزی**: نەمانی توانای جیاکاری و ناسینەوەی ڕەگەز.

کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانی تاک لەئاست خۆی و ئەوانیتردا، ئاوێنەی هەموو جۆرەکانی تری کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانە. ئەم بێباکیی و گوێپێنەدانە، بەرئەنجامی نەمانی دابەشکاریی ناوەکییە لەنێو سوبێکتدا، و نەمان و بزربوون و سڕانەوەی جەمسەری (ئەویتر) و جێگیربوونی سوبێکتە لەنێو ناسنامەدا، کە ئەمەش بۆ خۆی بە شێوازێکی دژبەر و پارادۆکسیکاڵ بەرئەنجامی زەرورەتی جیاوازبوونە لە خود و ئەوانیتر. ئەم فۆرمە لە تاکی ئالودەبوو بە ناسنامەی تاکگەرایی، لەسەر ڕستێک سرووت و وەهمی جیاوازبوون دەلەوەڕێت و زیندووە. بەم هۆیەوە سود لەتەواوی کەرەستە و ئامرازەکان وەردەگرێت تاوەکو خۆی بکات بەهاوشێوەی ئەویتر. ئەو یەکەمین قوربانی ئەو تیۆرە دەروونشیکاری و فەلسەفییەی جیاوازییە کە، لەتەواوی زەمینەکاندا دەبێتەهۆی نامۆبوون لەخود و نامۆبوون لەئاست ئەویتر. پەتای جیاوازیی، نەخۆشیی قۆناغی منداڵی سوبێکتە (پەتا و نەخۆشی کەلتووری ئێمەیە بەشێوازێکی گشتی). و پەتای شێتیی هاوشوناسبوون لەگەڵ ئەویتر(لەجیاوازی داماڵینی - خود و بێباکی لەئاست خود)دا، پەتا و نەخۆشیی قۆناغی کەنەفتی و پیریی سوبێکتە. ئێمە لەڕێگەی جیاوازی و جیاکارییەوە بەسەر (ڕەگەزی بەرانبەر - ئەویتر بوون)دا زاڵ بووین، و جیاوازیش خۆی لەخۆیدا، ملکەچی لۆژیکی هاوشووناسبوون و بوون بە ئەویتر و بێباکی لەئاست خود، دەبێت. ئێمە لەڕێگەی لەخۆ-

نامۆبوونەوە بەسەر (ئەویتر)دا زاڵ بووین (سوبێکت لەم دۆخەدا دەبێت بە خودی ئەویتر)، بەڵام پرۆسەی نامۆبوون لە خودیش خۆی لەخۆیدا ملکەچی لۆژیکی هاوشوناسبوون بە ئەویتر دەبێت(سوبێکت لێرەدا دەبێت بەهاوتا و هاوشوناسی خۆی). ئەم پەتا و نەخۆشیی هاوشوناسبوونە بەئەویتر، دێوانەیی و شێتێتی تایبەت بەخۆی هەیە. تاکی "ئازاد" و سوبێکتی دابەشبوو، لەگەڵ فۆرمی ستونیی شێتیی ڕۆژگارانی زوودا هاوشێوەن. دێوانەیی و شێتیی دەروونی، دێوانەیی ترانسیندێنتاڵی (تاک)ی شیزۆفیرنیا، دێوانەیی نامۆبوون لەخود و شەفافیەتی بێ چارەسەری بوونبەئەویتر. بە واتایەکی تر تاکی ئازاد، کە سوبێکتێکی دابەشبووی هەیە، دووچاری فۆرمی ستوونیی دێوانەیی دەبێت. تاکی ئالودەبووی هاوشوناسبوون، ئەم کائینە دەستکرد و لەبەرگیراوە مەجازییە، هاو واتا و هاوتای فۆرمی ئاسۆیی دێوانەیی و شێتێتیە، هاوتای وەهم و وڕێنەی تایبەتی ئێمە و وەهمی کەلتووریی ئێمە، هاومانای وەهم و وڕێنەی ناڕێک و پێکی و تێکەڵی جێنەتیکییە، هاوواتای وەهم و وڕێنەی تێکەڵ و پێکەڵی کۆدەکان و تۆڕەکانە، وەهم و وڕێنەی لادان و ناتەواوییە بایۆلۆژییەکان و مۆلکۆلییەکانە، وەهم و وڕێنەی ئاوتیزمە. لەم دۆخەدا چیتر وەهمی لاوازکردنی خود و دەستشۆردن لەخۆ لەئارادا نیە، بەڵکو وەهمی بوونبە خاوەنی خود -لەقاڵبی ئەو هەموو جۆرە ناسنامە سەیروسەمەرە دەستکردانەدا- لەئارادایە، چیتر وەهمی تاکی شیزۆفیرنیایی لەئارادا نیە، بەڵکو وەهمی تاکی شیزۆفێرنیای لەئارادایە، تاکێک بەبێ سێبەر و بێ ئەویتر و بێ هیچ وێنەیەک، وەهمی تاکێکی نمایشکەری شێتئاسا، وەهمی تاکێکی ئاوتیزم کە بەشێوازێک جمکەکەی خۆی لەناوبردووە و برا جمکییەکەی خۆی لە ناو خوددا تواندووەتەوە. دێوانەیی و شێتێتی هاوشووناسبوون، ئیپسۆمانیکاڵ و شیزۆفێرنیانە. هەیولاکانی ناوەوەمان هەموویان جۆرە ئاوتیزم و لەناوخۆدا ونبووانێکی دێوانەئاسا و شێت و شەیدان. ئەوان بەرهەمی پێکهاتەیکی ناڕوون و وەهمئالودن(تەنانەت دەکرێت ئەمە بەرئەنجامی چالاکی جێنەتیکی بێت)، بەشێوازی زگماکی بێبەش و داماڵدراون لە ڕەگەزی بەرانبەر و لەویتر، ئالودەبوون بە جۆرە نەزۆکییەکی زگماکی، هیچ چارەنوسێکیان نیە و شک نابەن جگە لەگەڕانێکی نائومێدانە نەبێت بەدوای جۆرێک لە بوونبەئەویتردا لەڕێگەی سڕینەوەی یەک بەیەکی هەموو ئەوانیترەوە. (لەکاتێکدا دێوانەیی لەفۆرمی ستونییدا، بەشێوازێکی هەڵکشاو و سەیر ئالودەی ئەویترە). بۆ نمونە کێشەی فرانکشتاین ئەوەیە کە ئەویتر شکنابات و تینووی ڕەگەزی بەرامبەرە.

ئەم دۆسیەیە، پرسی ڕەگەزپەرستییش دەگرێتەوە. کۆمپیوتەرەکانیشمان شەیدا و تینووی ڕەگەزی بەرامبەرن، ئەم ئامێرە ئاوتیزم و سەڵتانە، سەرچاوەی دەرد و کینەدۆزییان بریتییە لە تۆتۆلۆژیای بێڕەحمانەی زمانی تایبەت بە خۆیان.